# دوژمنت له بیر مه كه

نووسه ر : یه ڵماز گۆنه ی
وه رگێڕ : ڕێناس جاف

منداڵ زۆر به وردی وسه رنجه وه ،چاوی بڕیبووه باوكی. باوک وێنه كه له سه ر دیوار دائه گریَ وگه ره كیه تی لێی نه درێ. خاوه ن وێنه پیاوێكی قه ڵه وی، گپ خڕپن و گۆشتنه كه به به رۆكییه وه میدالیای ڕه نگین و جۆربه جۆر خۆ ده نوێنن.

وێنه كه هی نێورۆژنامه یێک بوو كه لێیان كردبووه وه.باوک برێک چه سپی لكاند به پشت وێنه كه دا و سه ر له نویَ هه ڵیواسی به دیواره كه دا و دیسان لكاندییه وه به سووچێكی دیوار دا.

په راو په ری دیوار، پڕیبوو له وێنه ی جۆربه جۆر، له لاییكه وه وێنه ی باپیر، مام و باوكی، كه ئه وانی له نێو مانگرتنێكی كرێكاراندا پیشان ده دا، هه ر وه ها وێنه ی خه ڵكی نێو ڕاگوزه ر و كۆڕ و جڤینان.

له و لای دیواره وه وێنه ی هه ندیَ له سه رۆک وڵاتان، ڕێبه رانی پارت و حیزبه كان و هه ر وه ها ئه كته ره كانی به نێوبانگی سینه ما به رچاو ده كه ویَ.

منداڵ كه خاوه نی هه ندیَ له و وێنانه ی له ڕۆژنامه و ته له فزیۆندا دیتبوو، چاک ده ناسی، به قامكی ئاما ژه ی كرده وێنه ی پیاوێكی "ده م به پێكه نین" و وتی: باوكه... ئه مه كارتێر نییه؟ باوک ئه و وێنه ی تازه له و سووچه ی دیوار داگرتبوو و له په نای وێنه كه ی كارتێری دانابوو. له نێوان وێنه كانی ئه و ڕیزه دا وێنه یێک زۆر سه رنجی كوڕه ی به ره و لای خۆ ڕاكێشابوو، پیاوێكی پیشان ده دا كه باڵی نیشانه یێكی پێوه بوو و ده ستیشی هه ڵبڕیبوو.

پرسیاری كرد ئه م پیاوه كێیه؟ ئه ی ئه و نیشانه چییه؟باوک وتی: كوڕم ئه م پیاوه چاک بناسه، ئه و بكوژی ملوێنان كه سه، ناویشی هیتله ره، ئه و نیشانه ی سه ربالیشی خاچێكی شكاوه كه نیشانه و سه مبولی نازییه كانه.

ئه م ئیتله ره* چ خزمایێتی یه كی ده گه ڵ ئێمه هه یه ؟

ئیتله ر نا كوڕم هیتله ر!... هیتله ر!...

هیتله ر و هه موو ئه وانه ی وه ک ئه و بیر ده كه نه وه،دوژمنی مه و دوژمنی سه رپاک خه ڵكی دونیان.

منداڵ به سه رسوڕمانێكه وه وتی: ده باشه ئێستیَ كه ئه و دوژمنی ئێمه یه ، ئه ی له به ر چی وێنه كه ت به دیواردا لكاندووه كه ئێمه هه موو ڕۆژێک چاومان به نێو چاوانی ده كه ویَ.

باوک وتی: چاو كوڕم! جوان چاو له وێنه و نووسراوه كانی سه ر دیواره كه كه، ئه م لای وێنه كه،باپیرت ،مامه كانت و وێنه ی هه ڤاڵانی كرێكاری مه یه كه مانیان گرت، ئه مانه هه موو دۆس و هه ڤاڵی ڕه نجبه ری ئێمه ن، ئه مانه ش هه ڤاڵانی خوێندكارمن،ئه مه ش وێنه ی هه ڤاڵانی شه هیدی شۆڕشگێری مه ن،ئه مه شیان وێنه ی خه باتی چه كدارانه ی گه لی نه به زی ئه فریقایه، ئه مانه هه موو دۆس و هه ڤاڵی ئێمه ن.

**ئه ی ئێستێ لـه و لای دیـواره وه چ ده بینـی؟ ئـا لـه و سـووچه دا ئـه سـتێره و ئـه کتـه ره بـه نێوبانگه کانی سینه مان، سینگ و به رۆکی ژنـانی ڕووت و قووت،وێنـه ی هـه نـدێ سـه رۆکـی وڵاتــان و ژمـاره یێـک ڕێبـه ری پـارت و حیزبـه کـانن. ئـه مـه یـان بـه ده مانچـه مێشکی خه باتکارێکی ڤێتنامی نیشانه گرتووه، ئا ئه مه یان هیتله ره ، ئـه مـه ش مۆسـۆلینییه، ئـه م لاش وێنه ی پاره و دراوی هه ندێ وڵاتت به رچاو ده که وێ.**

**مندالٌ پرسی: ئه مانه هه موو دوژمنی ئێمه ن؟**

**کورِم ئه مانه که ده یانبینی ، خوێنی مـه ده مژن،شـاعیرێکی نیشـتمانپه روه ر ده بێـژێ: " ئـه وان هه زار پێ وله ئه ژدیهای حه وت سه ر ده چن..."**

**ئه ی بۆچی وێنه ی هه مووانت له سه ر دیـوار لێداوه، بیاندرِێنـه و هـه مـووان بسـووتێنه.بـلاّ هه ر ته نێ وێنه ی هه ڤالانمان به سه ر دیواره وه بمێنێ.**

**من گه ر وێنه ی دوژمنانم له سه ر دیوار به رامبه رمه وه لێده ده م، لـه بـه ر ئـه وه ی نییـه حه زم لێیان بێ و خۆشم گه ره ک بن، به ڵکه نامـه وێ لـه بیریـان بکـه م، چوونکـه ئـه وه ی دوژمنه که ی له بیر بکات، ڕێگه ی هه ڤالانی له بیر ئه کا و ڕێبازه که یان به ر ئه دا.**

**من وێنه ی ئه مانه م لێدا هه تا تاقه ساتێکیش له بیریان نه کـه م. هـه مـوو ڕۆژێ هـه وه ڵـی به یانی به ر له وه ی بچم بۆ سه ر شول و کاره که م، چاویـان لـێ ده کـه م،ئـه م وێنانـه پـێم ئه ڵێن: دوژمنانی ڕاسته قینه ی تۆ ، ئێمه ین، کاتێ ده بینی نرخی گۆشت گران بووه، به سه ر قه ساودا مه قیرِێنه ، وه ختێ دیـتت نـان گـران ئـه بـێ ، لـه نانـه وا تـوورِه مـه بـه، ته نانه ت ئه و ده مه ی له کارگه دا ده بێ بـه ده مـه قرِه ت و ئـه چـی بـه گژ هـه ڤاڵێکـت دا، دڵنیابه هۆکـاری سـه ره کـی ئـه م هـه مـوو چـه رمـه سـه ری و چـاره ڕه شییه، ئـه وانـن، لـه ڕاستیش داکورِم ئه وه ی مرۆڤه هه ژار و به لـه نگازه کان له به ر پارووه نانێک ،ده چن بـه گژ یه کا و ئه که ونه گیانی یه ک ، دیسان هۆکاره که ی هه ر ئه مانه ن.**

**کورِم فریوی ڕواڵه ت و سه ر و بیچمـی ڕووت و قـووتی ئـه م ئـه کتـه رانـه مـه خـۆ و قـه تـیش برِوات به م تاقمه ده م به خه نده یه نه بێ و متمانه یان پێ مه که.**

**کورِه ئه وه ند لـه قسه کانی باوکی تێنه گه یشت به لاّم هه وێنی فیکر و بیره کـه خـه ریـک بـوو لـه مێشکیا ده گیرساو هێدی هێـدی قسـه کـانی بـاوکی لـه گوێچکـه ی دا ده زرنگانـه وه. پرسـی: باوکه ئه و پیاوه ی میدالیای به به رۆکه وه بوو، کێ بوو؟ ئه ی له به ر چـی لـه و سـووچه وه ، لات برد و هێنات لکاندت به م لای دیواره وه؟**

**کورِم، بیری مروڤ ده گۆرِێ، زیتر وشیار ده بێته وه وفیکری پتر گه شه ده کا، مـن هـه تـا بـه ئێستا به هه ڤاڵم داده نا که چی دواتر تێگه یشتم که بـۆ خـۆی یـه ک لـه دوژمنـانی سـه ره کـی ئێمه یه، چاو کورِم!... ئێمه کرێکارین،ساڵه های ساڵ به سه رمانه وه بوون و حوکمیان به سه ردا کردووین، قسه ی وایان ده کرد ئێمه پێمان وابوو ڕاس ئه که ن، به لاّم کاتێ لێبـرِاین بۆخۆ تێفکرێین وخۆمان له حه قیقه ت و ڕاستییان بگه ین، شـتی تـازه ونوێمـان ده س کـه وت. هـه ڵبـه ت لـه م بـاره وه زۆرم بیرکـرده وه هـه تـا برِیـارم گـرت. بیـرم کـرده وه و بـۆ خـۆم دوابرِیاریشم دا. مندالٌ که هه روا به سه رنجـه وه چـاوی سـاتێ لـه وێنـه کـه کـلا نـه ده کرد، پرسی: باوکه!...ئه م پیاوه چی کردووه ئه وه نده ی میدالیای به به رۆکه وه یه؟...**

---

*: ئیت له ترکی دا به مانای سه گه  به مرۆڤی نـه وی وڕه وشت نـزم ده گـوترێ و "لـه ر" یـش نیشانه ی کۆیهئیتله ر یانێ سه گه ل یان سه گان ڕه وشت نزمان.

Renas caf @yahoo.com